بۆکان لەمێژوودا (٧٧) ئەنوەر سوڵتانی

## وت و وێژی غەنی بلووریان لەگەڵ برایم فەرشی

من لە بەشی ٤٣ ی ئەم زنجیرەوتارەدا باسی کتێبی "ئاڵەکۆک"م کردوە کە بیرەوەرییەکانی کەسایەتی سیاسی کورد " مامە غەنی بلووریان" ە. بەڵام وا چەند ساڵێک دوای بڵاوبوونەوەی ئاڵەکۆک، وت و وێژێکی تێر و تەسەل و هەمەلایەنەی کاک برایمی فەرشی لەگەڵ مامە، لە ماڵپەڕی بۆکان - رۆژهەڵات (هەر ئەم ماڵپەڕە) دا بڵاو بۆتەوە کە پێش چاپی کتێبی ئاڵەکۆک بەڕێوە چوە بەڵام ئەودەم بڵاو نەبۆتەوە و وا کەوتۆتە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧.

مامە غەنی لەم وت و وێژەدا، کە بە شێوەی زنجیرە وتار بڵاو دەبێتەوە باسی سەرەتاکانی چالاکی سیاسی خۆی و سەرهەڵدانی کۆمەڵەی ژێکاف لە مەهاباد و موکریان دەکات. بەشی سێهەمی وتارەکان گەیشتۆتە دامەزرانی حزبی دیموکراتی کوردستان و چالاکییەکانی. هەر لەو بەشەدا باسی "جووڵانەوەی جووتیاران و خە باتی جەماوەری شاری بۆکان"لە ساڵی ١٩٥٣ [١٣٣٢] کراوە.

بیرەوەرییەکانی مامە لەم بارەیەوە تەنیا لایەنی هەڵوێست و چالاکییەکانی حزبی دیموکرات لە ناوچەی بۆکان دەگرێتەوە و ئەو پەیوەندییانەی وا حزب لە رێگای خوالێخۆشبوو "حسین فاتحی" بەرپرسی حزب لە بۆکانەوە لەگەڵ بزووتنەوەی خەڵکی شار و رێبەری راپەرینەکە - نەمر حاجی قاسم کەریمی گرتوە. بەڵام ئەو پەیوەندییانەش بۆ نووسینەوەی دواۆژی رووداوەکانی ئەو دوو راپەرینە (شاری بۆکان و ناوچەی فەیزوڵڵابەگی) گرنگە. بۆ خوێندنەوەی بیرەوەرییەکانی مامە غەنی لەم بارەیەوە بڕوانە بەشی سێهەمی وتارەکان لە ژێر ئەم لینکە : www.bokan.de بەشی سێ